# دەنکە مرواریەک لە مروایەکان!



**نووسین: طارق حجي**

لە عەرەبیەوە: جیهاد موحەمەد
الحوار المتمدن - العدد: 3592 - 2011 / 12 / 30 - 15:13

دەڵێین ئێمە داوای ڕێزلێگرتنمان لە هەموو جیهان دەکەین(ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانە)، کەچی خۆیان بەوشێوەییەی داوای ڕێز دەکەن ڕێز لە بەرامبەریان ناگرن... لە بۆنەو بێبۆنەدا دەڵێین پەرتوکە پیرۆزەکانی ئەوان ساختەیە!، بڕوا و ئیمانیان گەندەڵ و ساختەکارییە!!! ... دەشڵێین ئێمە بڕوامان بە ئازدی ئیمان هەیە، کەچی پەیوەستن بەوەی کە تەنیا ئیمانە ڕێگەپێدراوەکانی هەرسێ دینە ئیبراهیمییەکەیە(واتە ئەوانەی ناو دەبرێن بە دینی ئاسمانی)!. دەڵێین ئێمە دژی هیچ دینێکی تر نیین، کەچی کاتێک دینەکانی تر پەرستگا دروستدەکەن بۆ خۆیان، کانی تورەییان دەتەقێتەوە و پەرستگای دینەکانی تر دەڕوخێنن! ... وا ڕادەگەیەنن کە مافی خۆیانە لە هەرچ شوێنێکی جیهاندا پەرستگا بۆ دیندارەکانی خۆیان دروستبکەن، کەچی ئەو دەوڵەتانەی کە پیرۆزییەکانی ئەمانی تیا باڵادەستە هیچ دینێک بۆی نییە و ڕێگەی پێنادرێت پەرستگای دینەکەی خۆی تیا دروستبکات!!! .

کاتێک گەلی سویسرا بڕیاریدا( لە ڕاپرسیەکی گشتیدا) کە ڕێگەیان پێبدات پەرستگای دینەکەی خۆیان دروستبکەن بەڵام بەبێ دانانی بڵندگۆ و شوێنی بانگدان لە سەرسەربانی پەرستگاکانیان، خوێنیان هاتە قوڵپدان و کانی تورەییان تەقییەوە وەک ناڵە و نرکەی جەهەنم ناڵەو نرکەیان دەهات! وەک ئەوەی بیریان نەبێت کە وڵاتەکانی خۆیان ڕێگە نادەن بە مەسیحیەکان و یەهودیەکان و بوزیی و بەهائییەکان بۆ دروستکردنی پەرستگا و سروتە دینیەکانیان!!! لە ڕێگەی ڕێکخراوە شارستانییەکانەوە پەیوەستن بەوەی کە وێنەی خۆیان و دینکەیان جوان پیشانبدەن لە بەرنامەکانی فێرکاریی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەدا کە پەنایانداون و گرتونێتێ خۆیی و دڵی بۆ کردونەتەوە و وەک پەناهەندە قبوڵیکردون ... کەچی ئەگەر وەک ئەمان و داواکارییەکانیان مەسیحیەکان و یەهودیەکان و بەهائیەکان هەمان داواکارییان هەبێت ئەوە هاتوهاواریان بەرزدەبێتەوە و ئیدانەی دەستێوەردانی بێگانە و گومانلێکراوان دەکەن لە بەرنامە فێرکارییەکانی خۆیاندا.

دیندارەکانی ئەمان ئەندامێتیان قبوڵە لە هەموو پەرلەمانەکانی ئەوروپا و ئامریکای باکور و ئوسترالیادا ... بەڵام ئەمان ڕێگەنادەن لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی خۆیاندا هیچ ئەندامێکی دەرەکی هەبێت، بەڵکو هەموو ئەندامێتییەکی ئەو هاوڵاتیانە هەڵدەوشێنەوە ئەگەر سەلمێنرا بۆیان کە ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تریان هەیە!!! کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئامریکای باکور و ئوسترالیا بە هۆکاری نەبوونی ئازادیەکان( بە هەموو شێوەکانیەوە) و نەبوونی بواری ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ ... کاتیکێش جێگیر دەبن لەو بەهەشتەی کە خەونیان پێوە بینییوە دەستەکەن بە کاری ڕوخێنەرانە لە بونیادە بناغەییەکانی دەستور و یاساکان و ڕۆشنبیریی ئەو بەهەشتەی کە ڕایانکردوە بۆی لە جەهەنمی وڵاتەکانی خۆیانەوە کە نوقم بووە لە ژێر ئاوی بۆگەنی دەریاچەیەک لە دواکەوتوویەتی ... کاتێکیش نەوەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بۆیان دەردەکەوێت کە "ئەمانەی" ڕایانکردوە بۆلایان و پەناهەندەییان وەرگرتوە دیموکراتیەتیان هەر بۆ ئەوەندە دەوێت کە بەکاری بهێنن بۆ تێکدان و وێرانکردنی دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی، ئەو کاتە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن: **ڕزگارمان کەن لە دەست شەپۆلی دوژمنانمان کە کەوتونەتە ناومانەوە!!**

کارەساتی دەڤەری ئێمە کە حاکمگەلێک لێیان دزییوین و داگیریانکردوە بۆ خۆیان، گەورەترین نیشانە و ئاماژەیە بۆ نەزانین و گەوجێتی و نەفامیی هەڵکێشراو لە گەندەڵیی و نەبوونی جیهانبینی و نەبوونی هەستیی مێژووکرد و نەبوونی ڕۆشنبیریی ... دوای نیوسەدە لە حوکمی ئەم حاکمگەلە دزە ـ نەزانین ودواکەوتویی و نەفامی کۆمەڵگاکانی ئێمەیان داڕزاندوە و بێتوانایان کردوون لە دەستپێکردنی چالاکی و هەوڵدان بۆ مەعریفە بە مەبەستی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی پاک و بێگەرد .... کاتێکیش ئەنجامی نیو سەدە بڵاوبوونەوەی نەزانین و نەفامی و گەندەڵی لەناوماندا وەک ئەمڕۆ دەردەکەوێت، هیچ شتێکمان بۆ نەماوەتەوە جگە لە دەستپێشخەری نەبێت لە بەدەستەوەگرتنی ئامێری دیموکراتیەت و لە پێشیشەوە پەیوەست بوون بە بڕوابوون بە زانستەوە نەک

بە"ئەفسانەوە"، وە بەدەستەوەگرتنی ئامرازەکانی زانستی کارگێڕیی نوێ و مرۆپەروەریی و پێشکەوتن و تازەگەرێتی و بە ڕێژەیی و بە فرە ڕەهەندیی(( بە مانا ڕاستەقینییەکەی، نەک بە مانا ساختەییەکەی کە ئەمڕۆ هەندێک لە ڕژێمە ئاینییەکان ـ ڕژێمەکانی قەشە و مەلاو مالوم ـ (الثیوقراطیین) دەیانەوێت دووبارەی بکەنەوە یان دووبارەیانکردوەتەوە)) وە بە قبوڵکردنی ئەویتر و لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ و مافی تەوای ژنان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاوان و ئازادی تەواوی ڕۆشبنبیریی و دینی .... گرتنگتریش لەمە دەوڵەتی شارستانیی کە ڕاگیراوە لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت .... وە پراکتیزەکردنی کاری سیاسی لە لایەن گەلەوە بە هەموو چینەکانیەوە و بە پێی ڕاژەی کۆمەڵگا ....

لەگەڵ ئەوەی ئەمە وەک ئەرکێکی قورس دەردەکەوێت لە بەرامبەروەستانەوەی گەڕانەوە(بۆ دواوە)یەکی ڕەش کە ئاسمانی ئەمڕۆی ژینگەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەمڕۆی ئێمەی داپۆشیوە، باوەڕی ڕاستەقینە بە بەهای پێشکەوتنی ڕاستەقینە نابێت و ناکرێت، شایەن بە ڕێزگرتن نابێت، بە ئەنجامناگەینرێت و سودی لێوەرناگیرێت، ئەگەر باوەرداران پێی لە ژێر بارودۆخێکی مێژوویی بێ هیوادا وەک ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە حاکمە تاوانبارەکان دروستیان کردوە وەک ئبن علی و حسنی مبارەک و قەذافی و عەلی عبدالله صالح ی(ڕوخاو) و ئەسەد( کە بێگومان دەبێت بروخێت لەم ساڵی نوێیەدا) ڕاینەگەیەنن و کار و چالاکی و خەباتی بێوچانی بۆ نەکەن هەر لە ئێستاوە تێنەکۆشن بۆ گەڕانەوەی عەقڵ و دڵی نیشتیمان و دەرهێنانی لە دەستی ڕابوردوخوازان (واتە سەلەفەیکان و کۆنسەرڤاتیڤەکان و دوژمنانی زانست و پێشکەوتن و ئازادیەکان و نوێگەرایەتی و سەردەمێتی). بەدەستهێنانی بەها ڕاستەقینەکانی ژیان و مرۆڤ بە گشتی و بێ جیاوازی ، بەها ڕاستەقینەکەی یەکێتی نیشتیمانی، بە ها راستەقینەکەی شکۆمەندی مرۆڤەکان، بەها ڕاستەقینەکەی دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی ژن و پیاو، بەها ڕاستقینەکەی یەکسانی مرۆڤەکان لە بەردەم یاساگەلێکی شارستانیانەدا، بەها ڕاستەقینەکەی دەوڵەت و کۆمەڵگایکەی سکۆلاریزم، نەک هەر قورس نییە بەڵکو سوک و ئاسانە بەڵام قوربانیدان و تێکۆشانی بێوچانی دەوێت....

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=289519